6

# ولاٚتی ئوللوبا و نەخشەکەی ملامێرگی *

ولاٚتی ئوللوبا **Ulluba** یەکێك بوو لەو ولاٚتانەی کوردستانی باکورر کە سنووری نێوان هەردوو دەوڵەتی ئاشورو ئورارتو بوو و نەخشە هەڵکەندراوەکەی ملا مێرگی باسی یەکێك لەو جەنگانەی ئاشور دژ بەو ولاٚتە دەکات.




شوێنی ولاٚتەکانی ئوللوبا، کوممێ، ئوککو بەپێی
دەستنیشانکردنی پۆستگەیت

* گۆڤاری کاروان، ژمارە 40، کانوونی دووەمی 1986، ل4-9. ئەم بابەتە دووەم بابەتی بلاٚوکراوەم بوو. ئەم باسە وەرگێڕانی سێ سەرچاوەیە(بە پاشخستن وپێشخستن وزیادکردنی زانیارییەکان):

**1- J.N. Postgate, The Inscription of Tiglath-Pileser at Mila Mergi, Sumer, Vol. 29, Parts 1 and 2, Baghdad, 1973, pp.47-59.**

ئەم سەرچاوەیە پێویستی بە کورتکردنەوە و دەستکاری کردن بوو. وەرگێڕانی ئەم سەرچاوەیە لەم باسەمدا لە لاپەڕە (51) بەدواوەیە (بڕگەی نووسینی سەر نەخشەکە بەدواوە). لێرەدا بە وەرگێڕانە کۆنەکەمدا چوومەتەوەو شتم تێیدا چاك کردۆتەوەو بۆم زیادکردووە.

2- **د. محمود الامين، استكشافات اثرية جديدة في شمال العراق**، گۆڤاری سومر، بەرگی 4، بەشی 2، بەغدا، ئەیلوولی 1948 لاپەڕە 189 بەدواوە.

3- **اكرم شكرى، المنحوتات الاثرية في جبال العراق الشمالي**، **سومر**، بەرگی 10، بەشی 1، بەغدا، 1954، لاپەڕە 88 تا 90.

سەبارەت بە ناوە نوێکانی ناوچەکە (وەك: ملا مێرگی، چارجل،.. تاد) نەمتوانی لێیان دڵنیا بم مەگەر کەمێکیان نەبێت. لە باسەکەی (کاروان)دا ناوی (ملە مێرگی)م بەکارهێناوەو لێرەدا (ملا مێرگی). هەرچەندە دووەمیانم لا راستترە بەلاٚم لەڕاستیدا لە هیچیان دڵنیا نیم، بۆشم نەکرا لە ناوی تەواوی بپرسم.

هێزو دەسەلاتی ئورارتو لە سەردەمی شامشی ئادادی پێنجەمی ئاشورییەوە(728-711 پ.ز) بەدواوە لە گەورەبووندا بوو. چوار پادشا بەهێزەکەی پێش خۆیشی لە ئورارتودا ئەوەندە سەرکەوتوونەبوون و نەیانتوانی بگەنە جەرگەی ولاتەکە. دوای ئاداد- نیراریی سێیەمی کوڕی شامشی ئادادیش ژێردەستەکانی ئاشور یەك لە دوای یەك سەربەخۆبوونەوە. لەو سەردەمەشەوە تا هاتنی تیگلات پلاصەری سێیەم (745-729پ ز.) بۆ سەر تەختی ئاشور هێزی دەوڵەتی ئاشوری بەرەو کزبوون دەچوو.

ئورارتوییەکان نەك تەنها خۆیان بەهێز دەکرد بەڵکو ئاژاوەشیان لە ولاتەکانی ژێر دەسەلاتی ئاشورییەکان دەنایەوەو ببوونە هۆیەکی کاریگەر بۆ ئەوەی هەندێکیان لە ژێردەستی ئاشور دەربچن. لە کاتی پادشای ئورارتو ئیشپوئینی Išpuini و مێنوا Menua ی کوڕی -کە ڕەنگە هاوچەرخی شامشی ئاداد بووبن- دەسەلاتی ئورارتو گەشتبووە شاری موصاصیری نزیك ڕەواندوز.

لە سەردەمی تیگلات پلاصەری سێیەمیشدا ئاشورییەکان توانییان بۆ یەکەم جارو لە ماوەی زیاد لە نیو سەدە لە هێزی ئورارتو کەم بکەنەوە. بەلام سەرکەوتنەکانی ئەم پادشایەو سەرەڕای ئەوەی زۆر چووبووە ناوەوەی ولاتەکە سەرکەوتنی کاتی بوون. کزبوونی دەسەلاتی ئورارتو (ئەگەرچیش هەر بە تەواوەتی نەبوو) لە ڕۆژانی سارگۆنی دووەمی ئاشوریدا(721-705 پ.ز) ڕووی دا. چەند دەیەیەکیش بەدواوە ئورارتو بووە هاوپەیمانی ئاشور و فەرمانڕەوای تایبەتیی خۆی حوکمی دەکرد.

ئوللوبا یەکێك بوو لە هاوپەیمانەکانی ئورارتو. بەلای کەمیشەوە لە دوو شەڕدا دژ بە ئاشورییەکان پێکاچووبوو. ئەنجامی ئەو شەڕانەش بە وتەی پادشای ئاشور تیگلات پلاصەری سێیەم بریتی بوو لە گرتنی ولاتەکەو هێنانی دانیشتوانی ولاتی بەزێندراوی ترو جێگیرکردنیان لە ولاتی ئوللوبادا.

## شوێنی نەخشە هەڵکەندراوەکە

نەخشەکە ... کە خەڵکی ناوچەکە وێنەی تەیموورلەنگی پێ دەڵێن و چیرۆکێکیان لە بارەوە هەڵبەستووە[1] - لەناوەڕاستی ئەو دەربەندەدایە کە بە (گەلی ملامێرگی) یاخود (دەرگەڵی شێخ ئەحمەد) ناسراوەو لە لێژاییی کێوی (گرێ ڕەش -واتە گردی ڕەش) هەڵکەندراوە. ئەو ناوەش، واتە ملامێرگی، لە ناوی ئەو لێژاییە وەرگیراوە. بەرامبەر (گرێ ڕەش)یش کێوی (چار جل) -چوار لوتکە- هەیە کە شوێنەواری قەلایەکی کۆنی لەسەردا دەبینرێت[2].

[1] بۆ ئەو چیرۆکە بڕوانە : د. محمود الامین، سەرچاوەی سەرەوە، ل191.

[2] سەرچاوەی سەرەوە، ل 189.




3 ـ نەخشێکی گشتی ناوچەی دهۆک .

بۆ نەخشەکە دوو ڕێگە هەن[3] ، هەردووکیشیان لە دهۆکەوە دەردەچن، یەکەمیان دەگاتە گوندی (بێسکێ) و لەوێوە بۆ ملامێرگی ڕێی چوار یان پێنج سەعاتە بە سواری ئاژەڵ. ئەم ڕێگەیە بێ ئەوەی بە گوندی دەرگەڵێ شێخ ئەحمەددا بڕوات دەگاتە لای نەخشەکە. ڕێگەی دووەمیش (ڕێگەی دوسکی) ڕێگەی دهۆك –ئامێدی دەگرێتە بەرو ڕێگە گشتییەکە جێدەهێڵێت وبە لای چەپدا لا دەدات بەرەو شارۆچکەی (مانگێش). دیسانەوە دوو ڕێگە هەن لە مانگێشەوە بۆ ملا مێرگی ؛ یەکەمیان ڕێگەی دەشتەو دووەمیان ڕێگەیەکی سەختە بەڵام کورتترە. ئەو ڕێگەیەی بە دەشتەکەدا دەڕوات دەگاتە گوندی (ئۆزمانا)و لەوێوە بۆ دێی (دەرگەلێ).

نەخشەکە چارەکە سەعاتێك لە گوندەکەوە دوورەو بەشێکی کاتی خۆی بەردڕێژ کرابوو و لاکانی بە بەردکاری بەهێز کرابوون[4] . دەربەندی ملامێرگی لەوپەڕی ڕۆژئاوای باکووری دهۆکدایەو ئەهمییەتێکی ستراتیجیی گەورەی هەیە چونکە وەك دەرگایەك وایە بۆ ناوچە شاخاوییەکەی باکووری، واتە ناوچەی (زیناوا). دۆڵەکە (3) تا (10) کیلۆمەتر پانەو لە گوندی (برجینی)یەوە ڕوباری (سوڕیا) دردەچێت و بە درێژاییی ئەو دۆڵەدا دەڕوات. ئەم دۆڵە کەوتۆتە نێوان دوو زنجیرە چیای (بێسکێ)و (قەشەفر). زنجیرەی دووەم بەسەر دەشتی (گەرماوی محمد ئاغا) دەڕوانێت. دەربەندی قەشەفرلە خاڵی بەرامبەری دەربەندی ملا مێرگی ئەم زنجیرەیە دەبڕێت ولەگەڵ ئەو دەربەندەدا یەك دەگرێت. لاکەی تریشی دەگاتە سەر دەشتی گەرماوێ. ئەم دەشتەیان کەوتۆتە نێوان زنجیرەی قەشەفرو ڕووباری دیجلە و دەیان گردی شوێنەوارییی تێدا دەبینرێن[5] . لەبارەی ئەم ناوچەیە (فۆرەر) شاری (ئادیان)ی سەرچاوە ئاشوورییەکان بە دهۆك دەزانێت. ئەم شارە پایتەختی هەرێمی ریموسی **Rimusi** بوو ئەویش نزیك بە هەرێمی بیت داگان **Bit-Dagan** بوو[6] . لەوانەشە ناوی چیای (دمکان) یان

---

[3] تێبینیی ئەوە بکە وەسفی ئەو ڕێگایانە هی نیو سەدەی لەمەو پێشە. ئەم وەسفە سوودی بۆ دروستکردنی فیکرەیەك لەبارەی ڕێگاوبانی زەمانی زوو واتە کاتی ئاشوورییەکان.

[4] اکرم شکری، سەرچاوەی سەرەوە، ل 89.

[5] د. محمود الامین، سەرچاوەی سەرەوە، ل 189.

[6] سەرچاوەی سەرەوە، ل 190.

(داکان) کە نەخشەکانی مالطای (معلثایا) – مالیاتی Maliati ی کاتی ئاشورییەکان –ی لەسەرە لە ناوە ئاشورییەکەی (بیت داگان)ەوە هاتبێت. دەبێت ئەمەی دواییان یەکێك لە دوو گردە شوێنەوارییە گەورەکەی (سێمێل) و (گرێ پانێ –گرێ پەحنێ) بێت[7].

## نەخشە هەڵکەندراوەکە

ئەم نەخشە مەترو (35) سانتیمەتر بەرزەو پانییەکەی لە یەك مەتر کەمترەو بە قووڵاییی (10) سانتیمەتر هەڵکەندراوە. نەخشەکە رووی لە باکوورەو وێنەی پادشای ئاشوری تیگلات پلاصەری سێیەمی لەسەر کراوەو بە لای چەپی‌وێنەکە نووسینێکی مێخیی (54) دێری –کە بەشێکی فەوتاوە –دیارە، لە سەرووشدا هێماکانی ژمارەیەك خوداوەندکراون: ئاشور، سین، شاماش، ئێشتار، مەردوخ، ئاداد، نابو،ئامورو(ئەمیان ئەکید نییە)، لەگەڵ بۆشاییەکی شکاو کە بە هۆی دەقەکەوە دەتوانرێت بوترێت کە هێمای ئێا و نێرگال و سیبیتتی تیایدا وێنەکراوە.

لەو بەشەی نووسینەکە کە ماوەتەوە ئەمەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

سەرەتا پادشا ناوی خوداوەندەکانی دەهێنێت ودوای ستایشکردنی خۆی دەڵێت کە چیا گەورەکانی وێرانکردووەو ((دانیشتوانی دەریای سەرووی رۆژئاوابوون تا دەریای خواروو...))[8]. ئەگەرچیش دەقەکە لێرەدا شکاوە بەڵام دیارە مەبەست لە لەناوبردن و وڵات بەدەرکردنی ئەو دانیشتوانەیە. زاراوەی ((دەریای سەروو)) دەریای ناوەڕاست دەگرێتەوەو زاراوەی ((دەریای خواروو)) بۆ کەنداو بەکاردێت.

لە دێری (16)ەوە باسی شەڕەکەی پادشا بەم جۆرە دەست پێدەکات:

پادشا دەڵێت لە حەوتەمین ساڵی حوکمیدا ئوللوباییەکان کە بەرامبەر وڵاتی ئاشور دەژیان ئەو سوپایەی خۆیان کۆکردەوە کە چۆکی نەدابوو بەرامبەر ئەو پادشایانەی پێش خۆی رۆشتبوونە ئەوێ. ئەوان بە شێوەیەکی بەردەوام بەندایەتیی خۆیان نەکردبوو. لێرەدا دەقەکە زۆر شکاوە بەڵام ناوی ئەخلامییەکان Ahlamê هاتووە[9] (دێری19). لەدێری (20)دا پادشا دەڵێت کە ((لە ڕادە بەدەر بروایان بە خۆیان هەبوو)). دیاریش نییە مەبەستی کامیانە ؛ ئوللوباییەکان یان ئەخلامییەکان. هەروەها دەڵێت نەخشەی خراپەیان دژ بە ئاشور ئامادەکردبوو(....). پادشا فەرمان دەدات بەرەو ئوللوبا بکەونە ڕێو دەچێتە دەربەندی ئیلـ [یـ ... ] Il[i....] .

پادشا لە حەوت دێڕدا لیستێکی ناوی شارو وڵات دەهێنێت[10]، دواییش دەڵێت ئوللوباییەکان پەنایان بردە بەر شوێنە لێژەکانی کێوی ئیللمێـ.... Illime... و باسی لوتکەی بەرزی کێوەکان دەکات کە ئوللوباییەکان کردبوویانن بە قەڵاو

---

[7] سەرچاوەی سەرەوە، ل 214.

[8] پۆستگەیت ڕستەکە بە وشەی (خۆرهەڵاتن) تەواو دەکات:

**Postgate, Op.Cit., p.5.**

[9] دەبێت ئەخلامییەکان لە رۆژهەڵاتی دیجلەدا بووبن چونکە پادشا باسی ناردنی لەشکر دژبە ئەخلامییەکان دەکات، ئەویش ((لە بەرە دوورەکەی نێبیرتی Nêbirti))کە یەکێکە لە دوو زێیەکە :Postgate, p.55. لەنووسراوێکی شەلمانەصەری یەکەمی ئاشوریدا(1274-1245پ.ز) ئەخلامو خێڵێکی گەورەی ئارامی بوو" بڕوانە: طه باقر، مقدمة في تأريخ الحضارات القديمة، بەشی یەکەم، بەغدا، 1973، ل 448. لەسەردەمی تیگلات پلاصەری یەکەمیشدا(1115-1077پ.ز) ناوەکە بەشێوەی ((ئەخلامو-ئارامییەکان)) هاتووە، بڕوانە: جۆرج رو، العراق القديم، حسين علوان حسين، 1984، ل375. هەروەها سەرچاوەی پێشوو ل 492. ئەگەرچیش ئارامییەکان لە سووریادا دەژیان بەڵام لەسەرەتاکانی هەزاری یەکەمی پێش زاینەوە بەرەو رۆژهەڵاتی سووریا چوونە پێشەوەو لەوێدا جێگیر بوون.

[10] بەوتەی (پۆستگەیت) ئەو ناوانە لەهیچ شوێنێکی تردا نابینرێن. هەر بەوتەی ئەو پاشگری ئوکا uka لە ناوەکانی ئاتوکا و سیروکا

پەناگەی خۆیان و باسی گەمارۆدانیان و بردنی تالآنیو ترسی ئەوان لەخۆی دەکات. پاشان ناوی ولآتی کیسی **Kisi** دەهێنێت، باسیش لە گرتنی هەموو شارەکان دەکات. پادشا خەڵکیولآتانی تر کە پێشتر لەسەر دەستی ئەو بەزێندرابوون دەهێنێتە ئەو ناوچانە، فەرمانبەرێکی خەساوی خۆیشی دەکاتە فەرمانڕەوای ئەو ولآتە [11]. پادشا باسی نەخشێکی هەڵکەندراو دەکات کە لەسەر کێوی ئیـ[لیمێـ ] [...I[limme دایناً [12]. لە کۆتاییشدا نەفرەتێکی دوورودرێژ ئاڕاستەی ئەوانە دەکات کە ئەو وێنەو نووسینانە تێك دەدەن وەدەسڕنەوە...تاد.

جگە لەم نووسراوەی ملا مێرگی؛ پادشا دوو نوسراوی تری هەیە پەیوەندییان بەهەمان ناوچەوە هەیە :

(( هەموو ولآتی ئوللوبا (ی سەر بە ؟) ولآتی خابخو **Habhu** م گرت و کردم بە ویلایەتێکی ئاشوری. وێنەیەکی خۆمم لە کێوی ئیلیمێر؟ **Ilimmer?** داناو لەناو ئوللوبادا شارێکم بنیات ناو ناوم نا ئاشور- ئیقیشا **Ašur-iqiša** [13] و تێیدا خەڵکی ئەو ولآتانەی سەرکەوتبووم بەسەریاندا جێگیر کرد، (یەکێک لە) خەساوەکانی خۆمم کردە فەرمانڕەوایان)).

نووسراوەکەی تر نەختێك جیاوازەو بەم جۆرەیە:

(( سەرانسەری ولآتی ئوللوبا- شارەکانی بیتیررو **Bitirru** ، پاریسو **Parisu**، تاشوخا **Tašuha**، مانتون **Mantun**، ساردائورری **Sardaurri**، لەگەڵ دیئوللا-ئانا-نال **Diulla-ana-Nal** [14]، سیکیپسا **Sikipsa**، ئاشوردایا **Ašurdaya**، بابوتتا **Babutta**، لوسیا **Lusia**، بیسیا **Bisia**، قەلآکانی ولآتی ئورارتو کە لە پشت کێوی نال **Nal** ن- ئەمانەم کردە ویلایەتی ئاشوریو لەناو ئوللوبادا ...تاد.)) [15].

سەرەتا ئوللوبا بە ناوچەی نزیك دیار بەکر، نێوان دیجلەی سەروو و کێوەکانی ئەنتی تۆرۆس زانرابوو. ئێستاش ڕوونەکە دەبێت زیاتر لە ناوچەی دهۆك –زاخودا بێت و ڕەنگە ملامێرگی بەشێکی بووبێت، یان بەلای کەمەوە کەوتبێتە سەر سنوورەکانی. بە پێی نووسراوەکانی سەرەوەی پادشاو نووسراوی تر ئوللوبا دەکەوتە سەر قەدپاڵی کێوی (نال) یان پشتەوەی. ئەو ڕایەش بۆ مرۆڤ دروست دەبێت کە ئوللوبا بریتی بووبێت لەو دەشتە پان و بەرینەی خابووری بچووك پیایدا دەڕوات، هەروەها چیای نال ئەو زنجیرە چیایە بووبێت ئەو دەشتە جیادەکاتەوە لەو تەختاییە کە بۆ خواروو، بەرەو (نەینەوا) درێژ دەبێتەوە. سەبارەت بەم کێوە ئیحتمالی تر هەن ؛ دەکرێت ئەو چیایە ئەو لوتکە تەنیایە بێت کە لەباشووری دهۆکدایە و کە نەخشەکانی (مالـطا)ی لەسەر هەڵکەندراوە، یان تەنها بریتی بێت لە بەشی زۆر باشوورتری دووزنجیرە چیا تەریبەکە.

---

لە دوو ناوی ئێرانیدا بینراوە: پارتوککا **Partukka** و زورزوککا **Zurzukka** : **Postgate,p.55**. لە لایەکی ترەوە زۆربەیناوەکانی تری ناو دەقەکەی فەوتاون و کەمێکیان دەخوێنرێنەوە وەکو: ولآتەکانی (ئابیا...)و (سیرومی؟)و شارەکانی (کینا...)، (زالوا؟ کا)، (سا...زا؟ بیا)، (کورولا؟)، (زالا؟)، (گا؟ ئورنا)... بڕوانە سەرچاوەی سەرەوە لاپەڕە 52-53، دێڕەکانی 26-32. هەرچەندە هەموو کاتێك پشت بە لەیەکچوونی ناوەکان نابەسترێت بەلآم وەك تێبینییەك ناوی دوو گوندی باکووری ملا مێرگی، لەوبەری خابوور هەن : (توکە)و(سرکو) –دڵنیاش نیم لە شێوەی تەواوی وتنەوەیان –کە نزیکن لە دوو ناوی ئاتوکا و سیروکا.

[11] ئەو فەرمانڕەوایانە کۆیلەی خەسێندراو بوون پادشا کردبوونی بە فەرمانبەر.

[12] بڕگەکە هەروەها ئەوە هەڵدەگرێت بەم شێوەیە بخوێنرێتەوە: نەخشەیەکم لە کێوەکەدا دروست کرد.(پۆستگەیت) پشت بەوە دەبەستێت کە پادشا لە نووسراوی تریداو لەبارەی شەڕەکانی ئوللوباوە ناوی کێوی ئیلیمێر **Ilimmer** دەهێنێت کە وێنەیەکی خۆی لەسەردا دانا.

[13] (پۆستگەیت) دەڵێت لەوانەیە ناونانی شارەکە لە کاتی نووسینەکەی ملا مێرگیدا نەکرابوو **Postgate,p.56**.

[14] (ئانا) واتە (لەسەر).

[15] بۆ ئەم دوو دەقە بڕوانە سەرچاوەی سەرەوە لاپەڕە 57.

**ئەو لەشكركەشییەی لە یادیدا نەخشەكەی ملامێرگی كرا لەشكركەشیی ساڵی 739ی پێش زاینە. لەشكركەشییەكی تریش لە ساڵی 736 دا هەیە ((بۆ بنی كێوی نال)).نەخشەكەمان (ئەوەندەی لێ ماوە كە بخوێنرێتەوە) ناوی چیای نال ناهێنێت. هەبوونی دوو لەشكركەشیش تا رادەیەك بۆمان لێك دەداتەوە چۆن هیچ لەو ناوانەی دەقەكەمان لە لیستەكانی تری ناوەكاندا نابینرێت.**

**چیای [ئیلیمێ...] ی نووسراوەكەی ملامێرگی دەتوانرێت بە كێوی ئیلیمێر؟ Ilimmer پەیوەست بكرێت كە لە نووسراوە یەكەمەكەی سەرەوەدا هاتووە. لە هەر دوو حاڵەتدا ئەگەر نەخشەكەی ملامێرگی هەمان ئەو نەخشەیە بێت كە پادشا دەڵێت لە كێوی ئیلیمێردا دایناوە یان ئەگەر یەكێكی دیكە بێت كە لە نووسراوەكانیدا باسی نەكردووە زۆر رێی تێدەچێت ئەو نەخشە كەوتبێتە ناو وڵاتی ئوللوبا یان كەوتبێتە سەر سنووری.**

**لە دوو دەقەكەی سەرەوەدا ئەوە دەردەكەوێت ئوللوبا بەشێك لە وڵاتی گەورەتری خابخو (خابخی) بوو و كە چەند شارێكی بەهێزكراو و شوورەدراوی پشت كێوی نالی تێدا بوو و پێش لەشكركەشییەكە سەربە ئورارتو بوون. خابخوناوێكی گشتگیر بوو بۆ ئەو وڵاتانەی سەر سنووری وڵاتی ئاشور (لەلای باكوورەوە) بوون و بەرەو رۆژهەڵات تاكو زێی سەروو بەرەو رۆژئاوا تاكو سنوورەكانیوڵاتی خاتتو[16] (نزیك فوراتی ناوەڕاست) درێژ دەبێتەوە. لەكاتێكیشدا زاراوەكە بۆ ناوچەكانی سەرچاوەكانی دیجلە لە ناوچەی دیاربەكردا بەكارهاتووە بەڵام دەتوانرێت هەروەها وردتر دەستنیشان بكرێت : بەمجۆرە بە پاڵ وڵاتی ئوللوبا وڵاتی خابخو KUR ulluba KUR habhu كە لە نووسینەكانی تیگلات پلاصەری سێیەمدا هەیە، لە رۆژئاوادا ئاشا وڵاتی خابخی A’ašša KUR habhi هەیە، هەروەها Habhu ša bêtâni (خابخوی ناوخۆ)هەیەكە بۆ ئەمیان مرۆڤ دەتوانێت راستەوخۆ لە كیررووری Kirruri یەوە (لە باكووری رۆژهەڵات)[17] بیگاتێ.**

**بەزانینی ئەوەش كە ئوللوبا هاوجووتە (بەلای كەمەوە بەشێكی) لەگەڵ دۆڵی خابووری بچووكدا، ئاشكرایە خابخوی ناوخۆ لە درێژبوونەوەكانی سەرووی ئەم رووبارەو لقەكانیدایە، ڕەنگە لەناوچەی ئامێدی یان بەرواری.**

**دەقێكی ئاشورناصیرپالی دووەمیش هەیە یەك جار ناوی ئوللوبا (بە شێوە ئوللیبا Ulliba) دەهێنێت كە رێگە بە دەستنیشانكردنەكەی سەرەوە دەدات هەرچەندە بە تەواوەتی پشتگیریی ناكات. هەروەها لە كاتی شەلمانەصەری سێیەمدا یەك جار لە لیستی ئێپۆنیمەكان[18] ناوی هاتووەو كە لەشكركەشیی (30)یەمی پادشا بە لەشكركەشیی دژی ئوللوبا ناوبراوە. گرنگی ئەمە لەوەدایە كە هەمان لەشكركەشی لە نووسینی سەر میلە ڕەشەكەی پادشا بە لەشكركەشی دژیوڵاتی خابخو ناوبراوە[19].**

**شاری تابسیا Tabsia لە لیستی قەڵاكانی ئورارتو لە ئوللوبادا هەیە كە تیگلات پلاصەری سێیەم گرتبوونی، نزیكەی (150) ساڵیش پێش ئەمە لە لایەن ئاداد نیراریی دووەمەوە وەكو شارێكی ((وڵاتی خابخو لەسەر سنوورەكانی كوممێ Kumme)) وەسف كرابوو و كە سەرنجی راكێشا چونكە هەڕەشەی بۆ ژێردەستەكانی یان هاوپەیمانەكانی لە كوممێدا كردبوو.**

**لە ناوی ئەو شوێنانەی تیگلات پلاصەر باسی كردوون رەنگە تەنها دوانیان لە شوێنی تردا ناویان هاتبێت. شاریبابوتتا جارێك لە نامەیەكی سەردەمی سارگۆنی دووەمی ئاشورییدا هاتووە، (لوسیا)ش – كە جاوربار نیشانكەرەوەی KUR (وڵات)ی پێوەی دەلكێنرا (واتە لەو جارانەدا وەكو وڵات ناو دەبرا) –ئامانجی لەشكركەشییەكی ئاداد –نیراریی سێیەمبوو**

---

[16] خاتتو لە ئەسڵدا وڵاتی خاتییەكانە بەڵام دواتر بە سووریا دەوترا خاتتو.

[17] راستتر " كیررووری لە رۆژهەڵاتدایە (رۆژهەڵاتی هەولێر).

[18] عادەتێكی پادشایانی ئاشور بوو كە هەر ساڵێك ناوی فەرمانبەرێكی گەورەی لێ بنێن. لێكۆڵەرەوە ڕۆژئاواییەكانیش بەمانە دەڵێن ئێپۆنیم. ئێپۆنم ئەو كەسەیە كە بنەماڵەیەك یان شارێك بە ناوی ئەوەوە دەنرێت.

[19] سەرچاوەكەی (پۆستگەیت) ساڵی (29) بە باسەكەی میلەكە دەدات كە ساڵێك جیاوازیی لەگەڵ باسەكانی ساڵنامەكاندا هەیە.

له سالّی 798 پ.ز، هەروەها ناوی له نووسینێكی سەر پەیكەرێكی زۆر شكاو كه له (نەمرود)دا – پایتەختێكی ئاشوری بوو و ناوی كالخو بوو – دۆزرابووەوەو لەوانەیە هی سەردەمی شەلمانەصەری سێیەم بووبێت.

ئەو نامەیەی سەردەمی سارگۆن كە لە سەرەوەدا ئاماژەی بۆ كراو ناوی بابوتای تێدایە یەكێكە لەو نامانەی كە چالاكییەكانی سەر سنووری ئاشور – ئورارتو تۆمار دەكات.نامەكە ناوی چەند ولاّتێك دەهێنێت : كوما **Kumâ**، بابوتا **Babutâ**، ئوكا **Úkâ**، ئولیا **Ùliâ** لەگەڵ چەند شوێنێكی تر كە ناوەكانیان فەوتاون. وەك بینیشنمان بابوتتا لە ئوللوبادا بوو، (كوممیٚ)ش لە كاتی ئاداد نیراریی دووەمدا لەسەر سنووریدا بوو. ئەم دوانە لەو كاتەدا ناوبراون كە ناوی ولاّتی ئوككو **Ukku** ناوبراوەو كە ئەمیان بە هۆی لەشكركەشیی پێنجەمی (سەنحاریب)ەوە زانراوە كە نزیك كێوی نیپور **Nipur** بوو و زۆریش رێی تێدەچێت رۆژهەلاّتی ئەو كێوە بووبێت. دڵنیاییشەوە دەزانرێت ئەم كێوە (جودی داغ)ـە.

بە هۆی كۆی بەڵگەكانیش دەتوانین (تا ئێرە هەر وتەی پۆستگەیتە) ئەو پێشنیارە بكەین كە ئوككو لە كێوەكانی باكووری زاخودا بوو؛ لە حەوزی روباری خابوور، (كوممیٚ)ش كەوتبووە نێوان ئوككو و ئوللوبا كە ئەمیان لە دۆڵی خابووردا بوو بەلاّم كەوتبووە ڕۆژهەلاّتتر، واتە ڕەنگە كوممیٚ بەتەقریبی لە شوێنی زاخوی ئەمڕۆدا بووبێت[20]. ئەگەر ئەمەش ڕاست بێت ئەنجامەكان سەبارەت بە سنووری نێوان دوو ولاّتی ئاشورو ئورارتو جێگەی سەرنجن لەبەر ئەوەی لەو نامانەدا ئاشكرا دیارە كە كوممیٚ لە جەرگەی ئەو ولاّتانەدا بوون كە لەپێناویاندا ململانە دەگێڕدراو هەندیٚ جار كەوتبووە ژێر دەسەلاّتی ئورارتو تەنانەت لە كاتێكی نوێتری وەكو كاتی سارگوندا[21].



[20] (خو)ی كۆتایی ناوی (زاخو) جێگەی سەرنجە. لە زمانی خورریدا پاشگری (خی) یان(خو) هەیە.

[21] مەبەستی ئەوەیە لە سەردەمی ئەودا ئاشورییەكان زۆر لە جاران بەهێزتربوون، ناوچەی زاخۆش ئەو دوورە نەبوو لە ولاّتی ئاشور. لەلایەكی ترەوە (رید) پشتگیریی پۆستگەیت دەكات سەبارەت بە دەستنیشانكردنی شوێنی ولاّتی ئوللوبا بەلاّم دەڵێت كەوا ڕێی تیٚ دەچێت ئوللوبا یان ناوچەی ئوككو هێندە ڕۆژهەلاّتتر دەڕۆیشت كە دەگەیشتە ڕوباری زێی گەورە، دەشڵێت كە هەموو ناوچەی نێوان زاخۆ و ئامێدی بەرامبەر دەستڕۆشتنی ئورارتو والاّ بوون. بەپێی تێگەیشتنی (رید) وا دیارە ئوككو دەوڵەتێكی جیاكەرەوەی نێوان ئاشورو ئورارتو بووە، سەنحاریبیش سالّی 697 پەلاماری ئەو ناوچەیەی دابوو بەلاّم ئیددیعای ئەوەی نەكردبوو كە خستبێتیە سەر ئیمپراتۆریەتەكەی خۆی:

J. Read, Studies in Assyrian Geography, RA, 72, 1978, p.177.